# سەرنجیک لە سەر هەلپەرکیی کوردی

سلیمان قاسمیانی

ریزی هە لپە رکی وە ک ماریک پیچ دە خوا، کو دە بیتە وە و دووبارە خوی لیک دە کیشیتە وە. سەرچوپی گیر، جە زم بووە و تاو نا تاو، دەقوولینی. بەشدارانی هەلپەرکی لە ئاست خویان هەلدەبەزن، دادەبەزن و ئارەق دەریژن. منیش هە ناسە سوار هە ول دە دە م لاقم لی تیکە ل نە بن و لە بە ینی فشاری ئە م لا و ئە و لای ریزە کە نە پلیشیمە وە. ئە وە منم کە دەبی خوم لە گەل هەلپەرکیکە ریک بخەم؛ هەلپەرکیکە قەرار نیە لە گەل من بیتەوە. دەلیلەکەشی روونە؛ هە لپە رکیی کوردی، هە لپە رکیی بە کومە لە و هیچ جیگایە ک بو کە سایە تی تاکە ئینسان ناهیلیتەوە.

هە لپە رکی وە کو بە شیک لە کولتوری کومە لگای ئینسانی، موری میژووی سە ردە مە کانی جوارجور بە ناو چاوانیە وە . ئە وە ی کە ئینسانی پیش میژوو، یە کە م جار لە خوشی سە رکە وتن بە سە ر موشکیلە یە ک، یان پە ی بردن بە شتیکی تازە، یان لە ترسی رووداویکی سروشتی دەستی کردبی بە هەلپەرین؛ مەعلووم نیە. ئەوەی کە روونە ئەوەیە کە هەلپەرکی زور زوو بوو بە رەسمیکی ئایینی و بو ریز گرتن لە خواکان و خو پاراستن لە بە رامبە ر بە لای سروشتی و نەناسیاو کەلکی لی وەرگیرا. یەکیک لە تایبەتمەندیەکانی ئینسانی ئەو سە ردە مە ژیانی بە کومە ل بوو. زانستی ئینسان و ئامرازی بەرهەمهینان ئەوەندە پیشکەوتوو نەبوو کە مروڤی تاک بتوانی بە تەنیایی خوی بپاریزی و بە ئە ندازە ی پیویستی خوی خوراک بینیتە بە رهە م. هە ر بویە تە بیعی یە کە تاکە کە س لە و سە ردە مە دا و زور دواتریش، جیگایە کی لە بە ر چاوی نە بی و باسیکیش لە مافە کانی تاکە مروڤ لە کومە لگا دا نە بی. ئە م مە سە لە یە لە هە موو لایە نە کانی ژیانی کومە لایە تی دا دیتە بە ر چاو. پیناسە ی مروڤ نە خوی، بە لکوو تیرە و تایفە و عە شیرە بوو. ئە گە ر «مام حە مە »یە ک لە عە شیرە ی «جاف»، «حە سە ن »یک لە عە شیرە ی «هە مە وە ندی» بکوشتایە، نە ک تە نیا مام حە مە بە لکوو هە ر مروڤیکی تر لە عە شیرە ی «جاف» دە بوایە ئامادە ی ئە وە بی کە بە تولە ی «حە سە ن» بکوژری.

هە لپە رکیش رە نگی ئە و دە ورە میژوویی یە ی پیوە دیارە. لە سە رچوپی گیر بە دە ر، تاکە مروڤ لە هە لپە رکیی کوردی دا نە مە عنای هە یە و نە جیگا. ئە وە تە نیا سە رچوپی گیرە کە لە چوارچیوە ی هە وای هە لپە رکی یە کە دا تا رادە یە ک ئازادی هە لسوورانی هە یە . باقی بە شداران لە هە ردوو لاوە دە وریان گیراوە و مە جبوورن پییان لە گە ل پیی سە رچوپی گیر میزان کە ن. هە لپە رکیی کوردی ریگە ی ئە وە ت پی نادا کە وە ک مە ل بال بگری و بە مە یلی خوت تە قلە لیدە ی، بە رز بفری، تیژ بییە وە خوار، راست و چە پ بکە ی و خوت بە تە واوی وجوودە وە بدە یە دە س مە لی ئازادی خە یال. ریزی هە لپە رکیی کوردی ماریکە و دە ئالیتە هە ر دوو لاقت و ریگە ی دە رە تانت لی دە بری. ئە وە ی کە بو توی تاک دە مینیتە وە، تە نیا ئە وە یە کە خوت بخە یە دە ستی مارە کە و لە گە ل هە ر وە رسووران و هە لسوورانە وە ی‌دا توش خوت وە رسوورینی؛ دە نا پیچی لە ناکاو فریت دە داتە دە رە وە و لە هە لپە رکی بی بە شت دە کا!

زال بوونی بوونی سە رمایە داری بە سە ر سیستمی فئودالی دا، ئینسانی تاکە کە س و مافە کانی ئینسانی تاکی هینایە ئاراوە. سە رمایە پیویستی بە ئیسنانیک بوو ئازاد لە زە وی و ملک و ئاغا و عە شیرە . ئینسانیک کە لە هیزی کاری بە دەر، هیچ شتیکیتر نەیبەستیتەوە و بتوانی لە هەر شوینی پیویستی پیی هەبی، حازر بیت. بە لام تە بیعی یە کە هەموو شتیک هەر بە دلی سەرمایە نابی، بە هوی ئەوەی کە ئەو ئینسانە ئازادانە کە قەرارە هیزی کاریان بە سە رمایە بفروشن، هە ر وا بە ئاسانی خو نادە نە دە س سە رمایە و تیدە کوشن کە د ە ستی سە رمایە بە سە ر ژیانیان دا کورت کە نە وە . مافە بنە رە تیە ئینسانی یە کان بە گشتی ئە و مافانە ن کە سیستمی سەرمایە داری بە هوی تایبە تمە ندی

خوی و له ژێر فشاری خه باتی چینایه تی دا دانی پیدا هیناون.
له هه‌موو به‌شه‌کانی ژیانی کومه‌لایه‌تی‌دا و له هه‌موو لقه‌کانی کولتوردا ئه م ئال گوره کومه لایه تیه، که وجوودی سه رمایه داری شه رتی بنه ره تی یان بووه ، ده بینری. نقاشی له تالاری خانزاده کان و سالونی کلیسا و مزگه وت و ته کیه و تیمپله کان دیته ده ر و جه ماوه ریکی به ربلاوتر ئیمکانی ئه وه ی بو ده ره خسی که که لکی لی وه رگری. تابلوی شا و خان و به گزاده و حوری و په ری و جه هه نده م و به هه شت، جیگه ی تاکیان پی لیژ بوو و ته بیعه ت و ئینسان و کار و ژیان و خه یالی ئازادیش جیگه یان بو خویان کرده وه . له موسیقا، شیعر و ئه ده بیات به گشتیش، ئه‌م ئال و گوره ئابوری و کومه لایه تی یه، به شیوه ی تایبه ت به خو، خویان نیشان دا.
هه‌لپه‌رکیش ئه‌م ئال و گوره که‌وته ناوی و هه‌لپه‌رکیی دووکه‌سی و تاکه‌که‌سی ئازاد، جیگای به هه لپه رکیی به کومه‌ل، ته‌نگ کرد. به شوین موسیقای «جاز»، «پاپ»، «راک‌ئه‌نرول»، «ره‌پ»، ئه‌نواعی ره قس له سه ر بناغه ی هه لپه رکیی تاکه که سی ئازاد سه ریان هه لدا. ئه لبه ت ره قسی تاکه که سی ئازاد به مه عنای هه لپه رکیی تاکه که سی به تاق و ته‌نیا نیه. ئه‌م ره‌قسه‌ش ئه‌گه‌ر زیاتر له ره‌قسی کون، به کومه‌ل نه‌بی، که‌متر به کومه‌ل نیه. جیاوازی سه‌ره‌کی به‌ینی ئه‌م دوو ره‌قسه‌له‌وه‌دایه، که له ره‌قسی نوی یا تاکه‌که‌سی ئازاد دا، تاکه‌که‌سه‌کان له نیو کومه له که دا وون نابن و نابه سترینه وه به چونیه تی فورمی ره قسی ئه وانی دیکه وه. ئه وه ی که به شداربووان له رقسی دیسکودا به یه‌که‌وه‌گری ده‌دا ته‌نیا موسیقایه. باقی ئیتر ده‌گه‌ریته‌وه سه‌ر مه یل و خواست و تایبه تمه ندی هه ر که سه خوی که چون له گه ل ئاهه نگه که یه ک بگری. له م ره قسه دا نه ده ستت به ستراوه و نه پیت؛ خوتی و ئیحساسی خوت و مه لی خه یالت، له ناو کومه لیکی به هه مان ئه ندازه ئازاد دا.
ره قسی نوی به داخه وه له کوردستان نه یتوانیوه جی پیی خوی بکاته وه. یه کیک له هوکانی ئه م مه سه له به بروای من ده گه ریته وه سه ر کارکردی ناسیونالیزم و جوولانه وه ی ناسیونالیستی. یه کیک له تایبه تمه ندیه کانی ناسیونالیزم داتاشینی ناسنامه‌ی میژوویی و کولتووری‌یه، بو ئه‌وه‌ی جیاوازی خوی له گه‌ل کومه‌لیکی‌تر له ئیسنانه کان نیشان بدا و به م جوره ئیدیعای ئاغایی به سه ر ئه و به شه له خه لک دا بکا که له چوارچیوه یه کی تایبه تی جوغرافیایی دا ده ژین و ناسنامه‌ی نابراویان به سه‌ردا سه‌پینراوه. ئه‌گه‌ر ناسیونالیزم دوو سه‌ده له‌مه‌و پیش له سه‌رده‌می سه‌رهه‌لدانی سه رمایه داری دا به هوی کیشه ی توندی له گه ل فئودالیزم دا، روو له پیش بوو؛ ئه مرو ئیتر له کونه په رستی واتر هیچ شتیکی‌تری له هه‌مبانه‌دا نیه! موشکیله‌ی ناسیونالیزمی ئه‌مرو نه‌ک فئودالیزمی خو‌وولاتی به‌لکوو بورژوازی نه‌ته‌وه‌ی‌تره. شورشی فه‌رهه‌نگی له سه‌ره‌تای شکل‌گرتنی بورژوازی له وولاتانی ئوروپا دا، نه‌ته‌وه‌هه‌لگر نه‌بوو. له هه موو وولاتانی ئوروپا له و سه رده مه دا، ئه م شورشه دژی بوچوون و بیر و باوه ری فئودالی له مه یدانه کانی جوراوجوری عیلم و هونه‌ر و ئه‌ده‌بیات و ژیان‌دا بوو. هه‌ر بویه‌ش ئال و گوری فه‌رهه‌نگی و ئه‌ده‌بی و هونه‌ری له زوربه‌ی وولاتانی ئوروپا ته قریبه ن هاوکات و هاوشیوه جیگیر بوو.
به لام ناسیونالیزمی ئه مرو به گشتی و ناسیونالیزمی کورد به تایبه تی، نه ک هه ر هیچ کیشه یه کی ئه وتوی له گه ل فئودالیزم وه‌کو سیستم، یان وه‌کوو پاشماوه‌ی کولتوری نیه، به‌لکوو به‌شی هه‌ره زوری عادات و ری‌و ره‌سم و فه‌رهه‌نگی بوگه‌نی پیش سه‌رمایه‌داریش زیندوو ده‌کاته‌وه‌و وه‌کوو ئالای نه‌ته‌وه‌یی و ناسنامه‌ی میللی به‌رزی ده‌کاته‌وه. ئه‌م ناسیونالیزمه دژی مودرنیزم و پیشکه‌وتوویی‌یه. له هه‌موو مه‌یدانه‌کانی ژیان‌دا به شتی کونه‌وه ده نووسی و بیزاره له هه رچی نوی یه . ئه م ناسیونالیزمه له کوردستان له مپه ریک بووه له به رامبه ر ئال و گوری پیویست له موسیقا و ره قس دا. به پیروز کردنی «زورنا» و «توزه له» و «شمشال» و «ده ف» له سه رده میک دا که پیشره فتی ساز و ده‌زگای ئیلیکترونیک سیحر ده‌کا، ئاکامه‌که‌ی له قور چه‌قین و دواکه‌وتوویی موسیقا و ره قسی کوردی له چاو موسیقای جیهانی یه .
ره‌قس و موسیقا پیوه‌ندی‌یه‌کی له یه‌ک نه‌پساویان به یه‌که‌وه هه‌یه. ره‌قسی تاکه‌که‌سی پیویستی به ئاهه‌نگی

تایبەتی خویەتی. بە بروای من یەکەم هەنگاو بو پساندنی زنجیرەکانی «رە قسی بە کومە ل» لە پیی هە لپە رکی و رە قس لە کوردستان دا، پیشکە ش کردنی ئاهە نگ و ریتمی نوی یە کە لە ریتمی زە ربی تایبە تی هە لپە رکیی سوننە تی بیتە دەر. ئەلبەتە ئەوە بەو مەعنایە نیە کە هەر ئیستا نەکری لە ئاواز و ئاهە نگی جیهانی کە لک وە ربگیری. موسیقا جیهانی یە و دیوارە نە تە وایە تیە کان هە رگیز نە یان توانیوە پیش بە سنوورپە راندنی بگرن. کە سیک کە لە کاتی شادی و جە ژنا دە یهە وی گیانی بداتە بە ردە م موسیقا و سە ما بکا، داوای ناسناو لە ئاهەنگ و موسیقا ناکا! ئە گە ر موسیقا و ئاهە نگە کە بە رووحی ئاشنا بن، ئە وسا ئیتر کار تە واوە و دوو گیان یەکتریان دوزیوە تە وە . ئە مە هە ر ئا ئیستاش راستیە کی حاشاهە لنە گرە و لاوانی کورد تاسە ی هە لپە رکی یان بە موسیقای جیهانی دە شکینن. مە سە لە کە لە راستیدا رووی لە موسیقای کوردییە. ئەگەر موسیقای کوردی بیهەوی لەو دیوی چوارچیوە ی تە نگی کوردستان و کوردایەتیشدا دلدار و گویگر پەیدا بکا، مەجبوورە بەرگی تەنگی ناسیونالیزم لە بە ر خوی دادری و بە رە و پیش هەنگاوهەلگری. با «دەف» هەر پیشکەشی شیخ و دەرویشی فوسیلی کویرە دیهاتەکانی کوردستان بیت و «توزە لە»، کونە ئاغاکان هە لپە رینی. «بیتهووین»، «جان لینون»، «ترە یسی چاپمە ن»، «پینک فلوید»، «پیتر گابری ییل» و «بروس سپرینگستین»، هە م بە ریتم و هە م بە ناوە روک، گە لی ئاشناترن بە رووحی دانیشتوانی ئە مروی کوردستانن تا تووزە لە و دە ف و زورنا.

***